# بڕیار پێش کوژرانی: دەبێت سەیدسادق ببێتە پارچەیەك لە بەهەشت

✍️ ئامادەکردنی: دیاری خالید

(لە تەنیشت شۆستە قوڕاوییەکانەوە دانیشتبوو، سیمای ماندوو و ئارەقاویی دیار بوو. هەر لەگەڵ چوونە پێشەوەی لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا، فیشەکێك بەر سەری کەوت و لەوێدا کەوت). ئەمە دوایین ساتەکانی ژیانی بڕیار حەسەن بوو لە زاری هاوڕێیەکیەوە.

ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤، خۆپیشاندانەکانی شارۆچکەی سەیدسادق چەند بریندارێك و کوژراوێکی لێ کەوتەوە بە ناوی بڕیار حەسەن، کە دانیشتووی گەڕەکی (حەسار)ی شارۆچکەی سەیدسادق بوو، وەکوو یەکەم قوربانیی خۆپیشاندانەکە لەقەڵەم درا.

یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی بڕیار حەسەن کە ئەویش هەر ناوی بڕیارە، باس لە هاوڕێیەتیی خۆی دەکات لەگەڵیدا، کە ماوەی ١٦ ساڵە پەیوەندییەکی بەردەوام و بێ پچڕان لەنێوانیاندا هەبووە. لە دواساتی خۆپیشاندانەکان و کاتژمێر ٣ی ئێوارە، کۆتا قسەی بڕیار حەسەن بۆ هاوڕێکەی ئەوە بوو: "هۆشت بە خۆتەوە بێت، گوللەیەك بەر سەرت دەکەویت"، بەڵام ئەم ترس و پێشبینییە دواجار خۆی گرتەوە و فیشەکێك بەر سەری خۆی کەوت و گیانی لەدەست دا .




## بڕیار خۆپیشاندەر بوو

بڕیاری تەمەن ٢٥ ساڵ، دەرچووی پەیمانگای زانستی کۆمپیوتەر بوو لە سلێمانی، کە ماوەی دوو ساڵ بوو خوێندنی تەواو کردبوو و دانەمەزرابوو. ئەو ئەندامی خێزانێکی هەشت کەسی بوو کە پێکهاتبوون لە چوار برا و دوو خوشك و دایك و باوکی. بڕیار منداڵی دووەمی خێزانەکەی بوو. بەرهەم حەسەن، برای بڕیار حەسەن، لە دوای کۆچی دوایی براکەی، دەڵێت "ڕاستە بڕیار بە تەمەن لە من بچووکتر بوو، بەڵام زۆر کەس پێی دەوتم: ئەو براگەورەی تۆیە، چونکە زیاتر پەیوەندیی لە ماڵەوە باشتر بوو و زۆر شت هەبوو ئەو یەکلایی دەکردەوە".

براکەی بڕیار ئاماژە بەوە دەکات کە بڕیار خۆپیشاندەر بووە و لەپێناو شارەکەی خۆی بەخت کرد، نەك ئەوەی کە بە ڕێکەوت بەوێدا تێپەڕ بووبێت، بەڵام ئەوەش دەڵێت کە پەیوەندیان بەهیچ حیزب و لایەنێکەوە نییە.

## بڕیار دوای مردنی بڕیار، ناوی خۆی دەگۆڕێت

بڕیار جەمال، هاوڕێی بڕیار حەسەن، باسی لەوە کرد بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندووتۆڵەی لەگەڵ بڕیار هەیبوو، بەردەوام سەردانی ماڵی یەکتریان دەکرد و لە خەمی یەکتریدا بوون. ئەو کاتانەی بڕیار لە ماڵەوە نەبووە، چووتە لای دایکی و پێی وتووە: "وەرە دانیشە، بڕیار لە ماڵەوە نییە و دڵم بە تۆ دەکرێتەوە". بۆیە بڕیار نایەوێت چیتر خەڵکی بە بڕیار بانگی بکات و دەڵێت "دوو بڕیار بووین، بڕیاردانمان بە یەکەوە بوو، تەنانەت زۆر شتمان بە ناوی یەکترەوە دەکرد و دایکی دەیوت: بڕیارەکانم. بۆیە نامەوێت زیاتر زامی خۆم و دایکی بکولێنمەوە، وا باشە ناوەکەم بگۆڕم".



## خۆشەویستی هەبوو

برای قوربانییەکەی خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق باس لە ژیانی خۆشەویستیی براکەی دەکات لەگەڵ کچێك کە لە پەیمانگا خۆشی ویستووە و تا مردنی پەیوەندییان هەبووە، بەڵام ڕێگریی لێ دەکرا و دواجار بەیەك نەگەیشتن. بەرهەم لەوبارەیەوە دەڵیت "مۆڵەتی لە من وەرگرت و بە باوکمی وت: ژن دەهێنم و کچێکم خۆش دەوێت. باوکم زۆری پێ خۆشبوو، بەڵام نە خێزانی کچەکە ڕازی بوون، نە مەرگ ڕێگەی دا بەو ئاواتەی بگات".

بە وتەی کەسە نزیکەکانی، لەگەڵ ئەوەی بڕیار زۆر نهێنیی لای هاوڕێ نزیکەکانی درکاندووە، بەڵام ئامادە نەبووە یەك وشە لەسەر ژیانی ئەو کچە بڵێت کە خۆشی ویستووە، چونکە ترسی هەبووە لەوەی کێشەی بۆ دروست ببێت.



## سەیدسادق دەکەینە بەهەشت

بە وتەی هاورێ و خێزانەکەی، بڕیار لەو کاتەوەی بۆ خوێندن چووەتە سلێمانی، چەندین شاری تری کوردستان گەڕاوە و بۆچوونی خەڵکی وەردەگرت، لەمەوە نارەزایەتیی دژی بەرپرسانی شارەکەی و نەبوونی خزمەتگوزاری دەردەبڕی.

لە نیوەڕۆی خۆپیشاندانەکەشدا، بڕیار لەگەڵ بەرهەمی برای لەماڵی پوورێکی نزیك لە شوێنی خۆپیشاندانەکە نانی نیوەڕۆ و دوایین ژەمی دەخوات و دەیەوێت بچێت بۆ خۆپیشاندانەکە، کاتێکیش پووری ئاگاداری کردووەتەوە کە ئاگای لە خۆی بێت، ئەو بەمجۆرە وەڵامی داوەتەوە "هەتا سەیدسادق نەگۆڕین، وازناهێنین. دەبێت دوو مانگی تر ئەم شارە ببێتە پارچەیەك لە بەهەشت". چەند کاتژمێرێك دوای ئەو وتەیەی، بڕیار لە نزیك بینای فەرمانگەکانی سەیدسادق و لەناو خۆپیشاندەراندا، بە فیشەکێك دەپێکرێت و خەڵکی سەیدسادق پێش هاتنەدیی ئەو خەونە، بۆ هەمیشە جێدەهێڵێت.

بڕیار و ئەو کەسانەی خۆپیشاندانیان کرد، داواکاریی سەرەکییان زیاتر خزمەتکردنی شارۆچکەکەیان بوو، ئێستا ئەرکی حکومەت و بەرپرسانی ناوچەکەیە ئەو خەونەی بڕیار و بڕیارەکانی دیکەی سەیدسادق بەدی بهێنن.

**ڕۆژنامەی ئاوێنە - ژمارە (٤١٠) لە ٢٠١٤/١/٧**